## زانیاری دەبارەی ڤاکسێنی کرۆنا

### ژمی ١ و ٢

- وەک کوتانێکی بنەڕەتی تەنیا جۆری فایزەر بەکاردەهێندرێ.
- کاتێک ژمی ١ی ڤاکسێنەکەت کوتا، دەبێ چەند هەفتەیەک بگووزەرێ تا ژمێکیتر وەربگری:
  - ٣ تا ١٢ هەفتە بۆ کەسانی تەمەن سەرووی ١٨ ساڵ
  - ٨ تا ١٢ هەفتە بۆ کەسانی تەمەن ٥ تا ١٧ ساڵ
- ئەگەر تەمەنت ژێر ١٦ ساڵە، دەبێ دایکـوباوکت بۆ ڤاکسێن کووتان ڕازی بن. دەتوانن ئەو کارە بە پڕکردنەوەی فۆڕمی ڕەزامەندی بکەن پێش ئەوەی منداڵەکە بێ بۆ کوتان. تێبینی: هەر دوو دایکـوباوک دەبێ واژۆی بکەن.

### ژمی ٣ (ژمی نوێکەرەوە)

ژمی ٣ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە:

- تەمەنیان ٤٥ ساڵ یا زۆرترە
- سەر بە گرووپە مەترسیدارەکانن
- لە خزمەتگووزاری تەندرووستی و چاودێری کاردەکەن

هەروەها کەسانی تەندروست لە نێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٤٤ ساڵان دەتوانن ژمی نوێکەرەوە (فایزەر یان مۆدێرنا) وەربگرن.

دەبێ لانیکەم ٢٠ هەفتە لە نێوان ژمی ٢ و ژمی ٣ مەودا هەبێ.

### ژمی ٤ (ژمی نوێکەرەوە)

ژمی ٤ بۆ هەموو ئەو کەسانە پێشنیار دەکرێ کە:

- تەمەنیان ٦٥ ساڵ یان زۆرترە
- سیستەمی بەرگری لەشیان زۆر لاواز بووە
- دووگیانن. پەیمانگای تەندرووستی گشتی پێشنیاری ئەوە دەکات کە ژنانی دووگیان لە سێ مانگی دووەم و سێیەمدا ژمی نوێکەرەوەیان بۆ دابین بکرێ، چونکە ئەمە کاتێکە کە زۆرترین مەترسیان لەسەرە بۆ تووشبوونیان بە نەخۆشییەکی سەخت. ئەمە بەبێ گوێدانی ئەوەیە کە ئایا ئەوان تەنیا ڤاکسێنی بنەڕەتی پێشتریان وەرگرتووە یان پێشتر ژمی نوێکەرەوەیان وەرگرتووە.
- لە گرووپی تەمەن ١٨-٦٤ ساڵن و لە گرووپی مەترسیدارەکان دان.
- مێرمنداڵن و تەمەنیان ١٢-١٧ ساڵە و نەخۆشی بنەڕەتی جیدییان هەیە.

هەروەها کەسانی ساغ و تەندروست لە نێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٤٤ ساڵان دەتوانن ژمی نوێکەرەوە (فایزەر یان مۆدێرنا) وەربگرن.

دەبێت لانیکەم ٤ مانگ لە نێوان ژمی ٣ و ژمی ٤ تێپەڕێ

ئەگەر تووشی کۆڤید-١٩ بووی، بەلایەنی کەمەوە دەبێ ٣ هەفتە بگووزەرێ بۆ کوتانی ڤاکسێن. ئەگەر زۆرتر چاوەڕێ بکەی کاریگەری باشتری دەبێ، بۆیە دەسەڵاتداران پێشنیار دەکەن ٣ مانگ چاوەڕوان بی.

### ژمی ٥ (ژمی نوێکەرەوە)

- ئەو کەسانەی سیستەمی بەرگریان زۆر لاواز بووە، لەوانەیە پێویستیان بە ژمی پێنجەم هەبێ. بۆ زانیاری زیاتر پێوەندی بە ناوەندی ڤاکسێنەوە بکە، ژومارە تەلیفوون: ٩٩ ٥٩ ٥٠ ٦٧.

پرسیارێکت هەیە؟ پێوەندی بکە بە: ٩٩ ٩٩ ٥٠ ٦٧.

## ناوەندی ڤاکسێنی بەرووم (Bærum)

### چۆنیەتی دیاریکردنی کات بۆ ڤاکسێن:

پێوەندی بە بە ژومارە تەلیفوونی ٩٩ ٥٩ ٥٠ ٦٧ (بژاردەی ١)، یان ئیمەیلێک بنێرە بۆ: vaksine@baerum.kommune.no

ڕۆژانی دووشەممۆ – هەینی کاتژمێر ٠٩:٠٠ – ١٥:٠٠

### ناو و نیشان:

ناوەندی ڤاکسینی بەرووم لە فۆرنەبوو (Fornebu) هەڵکەوتووە.

ئادرەس: Forneburingen 51, 1360 Fornebu

پەیڕەوی لە تابلۆکانی "Bærum Vaksine" بکە. بژاردەی شوێن بۆ ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلی باش هەیە. نزیکترین وێستگەی پاس Fornebuparken ـە.

## زانیارێکانی پراکتیکی:

- لەبیرت بێ ناسنامەی ڕەوای وێنەدار دەگەڵ خۆت بهێنی.
- جل و بەرگی گوونجاو دەبەر بکە تا بتوانین بە ئاسانی ڤاکسینەکە لە سەرووی قۆڵت بکووتین.
- درووست لە کاتی خۆتدا ئامادە بە.
- دەتوانی هاوەڵێک یان کەسێک دەگەڵ خۆت بهێنی و بۆ ئەم کار پێویستت بە هیچ بەڵگەنامەیەک نییە، بەڵام لەبیرت بێ ئەو کەسەی کە ڤاکسێنی لێدەدرێ دەبێ ناسنامەی وێنەداری دەگەڵ خۆی بهێنێ.
- سپاس بۆ ئەوەی ڤاکسێنی دەکووتی!

## بۆ ڤاکسێن کووتان ئامادە مەبە ئەگەر:

- نیشانەکانی سەرمابوون، تا، یان نیشانەکانیتری نەخۆشییەکی تووشبووت هەبێ.
- پشکنینت پۆزەتیڤ بووبێ بۆ کۆڤید-١٩ (دەبێ بەلانی کەمەوە سێ هەفتە گووزەرابێ - سێ مانگ پێشنیار دەکرێ - لە چاکبوونەوەت لە کۆڤید-١٩ پێش ئەوەی بتوانی ژەمی ڤاکسین وەربگری).
- کەمتر لە ٧ ڕۆژ پێش ئێستا ڤاکسینێکی ترت کووتابێ.